هەواڵ هەواڵ

رانیە : دزی لە دوو ماڵ دەکرێ

رۆژی 25-9-2006 چەند دزێك كە تائێستا نەناسراون دەچن لەگەڕەکی ئازادی رانیە، دوو ماڵ دەبڕن، پارەو کەلو پەلی گرانبەها دەبەن. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە شوێن پێی دزەکان هەڵنەگیراوەتەوە، بەڵام پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕێت.

بە تۆمەتی ساختەکاری دەگیرێ

رۆژی 2006/9/25 هاوڵاتیەك بەناوی (هـ. ك. هاودیانی) لەقەزای سۆران بە تۆمەتی ئەوەی کە مۆڵەتی شۆفێریو ساڵیانەی ئۆتۆمۆبیلی بە ساختە دروست کردووە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ.

بەگوێرەی هەواڵ ئەو تۆمەتبارە دانی بە تاوانەکەی داناوەو ناوی ئەو باندەشی ئاشکرا کردووە کە لەقەزای سۆران بە پارە ئەو بەڵگەنامانە دروست دەکەن.

کۆنە مستەشارێك زەویەکانی دەفرۆشێ

لەگەڵ دەنگۆی لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە بەشداربیان لە شاڵاوی ئەنفالدا کردووەو خەڵکیان رادەستی سوپای بەعس کردووە، کۆنە مستەشارێك بەناوی (ج.ك) کە براکەیو کوڕەکەشی هەر فەوجی تایبەتیان هەبووە، خەڵکی دەڤەری پیرمامنو زەویو زارێکی زۆریان لە ناوچەکەدا هەیە، بڕیاریان داوە کە تەواوی زەویەکانی خۆیان بفرۆشن. خەڵکی ناوچەکە پێیانوایە ئەو بنەماڵەیە لە ترسی دادگەیی کردن زەویەکانی خۆیان هەرزانفرۆش دەکەن، چاوەڕوانن لایەنی پەیوەندار لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیەدا بکات.

خوێندکارێکی دواناوەندی لێیدەدرێ

رۆژی 26-9-2006 خوێندکار (ر) لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی بۆتێ لەشاری رانیە بەشەڕ دێ، هۆکاری شەڕەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەڕێوەبەر ئامادە نابێت رەزامەندی لەسەر گواستنەوەی ئەو خوێندکارە بدات بۆ قوتابخانەیەکی نزیك ماڵی خۆیان. بەگوێرەی هەواڵ بەڕێوەبەر زللەیەکی توند لە خوێندکارەکە دەداتو پەردەی گوێچکەی دەتەقێنێ، هەر دەمو دەست رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ. خزمو کەسی خوێندکارەکە لە بنکەی پۆلیس سکاڵا لە دژی بەڕێوەبەرەکە تۆمار دەکەنو داوای سزادانی دەکەن.

خانووی قایمقام دەفرۆشرێ

دوای دەست لەکارکێشانەوەی قایمقامی پێشووی قەزای رانیە، خانووەکەی فرۆشرا. خەڵکی شارەکە بە فرۆشتنی ئەو خانووە نیگەرانەو داوایان وابوو وەکو موڵکی گشتی بمێنێتەوە.

شیاوی باسکردنە ماوەیەك لەمەوبەر هەوڵی فرۆشتنی کتێبخانەی گشتی رانیە بە کەرتی تایبەت لە ئارادا هەبوو، بەڵام بەهۆی هاوهەڵوێستی سەنتەرەکانی رۆشنبیریو دانیشتووانی شارەکە هەوڵەکە پچەڵکرایەوە، ئەمجارەیان بەنهێنی خانووەکە فرۆشراو کەسی لێ ئاگادار نەکرایەوە.

کانزایەکی گرانبەها دەدۆزرێتەوە

بەگوێرەی هەواڵ لە گوندی ناودارۆکانی بناری شاخی سەفین کانزایەکی گرانبەها دۆزراوەتەو، دوای ئەوەی لایەنە پەیوەندارەکان ئاگادار کراونەتەوە، هێزێکی تایبەت رەوانە شوێنەکە کراوەو رێگەیان نەداوە کەس بچێتە شوێنەکە. دانیشتووانی گوندەکە باس لەوە دەکەن کە دواتر چەند لۆریەك هاتوونو کانزاکانیان لێ بارکراوە، بەرەو هەولێر رۆیشتوون، بەڵام نازانرێ لە چ شوێنێك هەڵگیراون. هەندێك پێیانوایە کە ئەمە شوێنەواری مێژوویی بووەو نەویستراوە دەزگاکانی راگەیاندنی لێ ئاگادار بکرێتەوە، بۆیە بەشێوەیەکی بازرگانی دەستو بردی لێکراوەو بەدزی گوازراوەتەوە.

ژمارەیەك پۆلیس واز دێنن

بەگوێرەی هەواڵ ژمارەیەك پۆلیس کە لەبنەکەکانی سنوور دەوام دەکەن رۆژانە بە بیانۆی چاککردنی شوێنەکەو پێداویستی رۆژانە 5000 دیناریان لێدەسەندرێ. ئەو پۆلیسانە مانگانە 20 رۆژ دەوام دەکەن ئەمەش وا دەگەیەنێ کە مانگانە 100 هەزاریان دینار لە مووچەکەیان کەم دەکرێتەوە. سەرچاوەکە دووپات دەکاتەوە لە هەفتەی رابردوو 7 پۆلیسی پەساپۆرتو مانەوە، 12 پۆلیسی هاتوچۆی رانیە بەهۆی کەمی مووچەو زۆری دەوام وازیان هێناوەو هەندێکیشیان بەرەو هەندەران رۆیشتوون.

سواڵکەرێك بە گومان دەستگیر دەکرێو بە تاوانبار دەردەچێ

ماوەیەك لەمەوبەر هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە سێ سواڵکەر لە شاری کۆیە ژنێك دەخنکێنن، دوو لەو بکوژانە دەستگیر کرابوون، کەچی سێیەمیان خۆی دەرباز کردبوو.

رۆژی 8-9-2006 کاتێك ئەفسەرێکی پۆلیس لەشاری رانیە چاوی بە ژنێکی سواڵکەر دەکەوێ کە بۆ سواڵکردن هاتۆتە ماڵی ئەوان، لە بارەی خنکاندنی کۆییەکە پرسیاری لێدەکات، ژنە سواڵکەرەکە دەشێوێو دەیەوێ رابکات، دەستبەجێ ئەو ئەفسەرە بە گومانی دەست هەبوون لەو تاوانە دەستگیری دەکاتو رەوانەی ئاسایشی دەکات، دواتر لە ئاکامی لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ کە ئەو سواڵکەرە تۆمەتبارە راکردووەکەیە، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاترو دادگەیی کردن رەوانەی زیندان دەکرێ.

هەولێر: 130 خانوو دەرووخێنرێن

رۆژی 28-9-2006 هێزێکی پۆلیسو شارەوانی شاری هەولێر بە بڕیاری نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لەگەڕەکی کورانی عەنکاوە، بە بیانۆی ئەوەی ئەو خانوانە بە تەزاوج دروست کراون، 130 خانووی خەڵکیان رووخاند.

خاوەن خانووەکان لەکاتێکدا ناڕەزایان پێشاندەداو داکۆکیان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکرد، لەلایەن پۆلیسەکانەوە دوور دەخرانەوە، دواتر ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن خانووە روخێنراوەکان، وێڕای ئەوەی کە خانووەکانیشیان رووخێنرابوو رێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران سازکرد. خەڵکەکە لەکاتێکدا ناڕەزایی خۆیان لەبەرانبەر بڕیارەکەی پارێزگار پێشاندەدا، داوایان دەکرد کە قەرەبوو بکرێنەوە.

هونەرمەندان درێژە بە ناڕەزایی دەدەن

ژمارەیەك هونەرمەند دەنگی ناڕازیبوونیان لەبەرانبەر یەکگرتنەوەی هونەرمەندان دەربڕیووە، بەڵام ئەوان دەڵێن ناڕەزایی ئێمە لەسەر یەکگرتنەوە نییەو لەسەر گەندەڵیو بێهەڵوێستیو ناکارایی رێکخراوە هونەرییەکانە.

لەم پێوەندییەدا سەرەتا 40 هونەرمەند دەستیان بە مانگرتن کردبوو، ئێستا زیاتر لە 300 ئیمزا کۆکراوەتەوەو هونەرمەندانیش دەیانهەوێ دەنگی ناڕازیبوونی خۆیان بەلایەنە پەیوەندارەکان بەتایبەتیش پەرلەمانی کوردستان بگەیەنن.

ئەوەی شیاوی باسە رۆژی 26-9-2006 بە ئیمزای ژمارەیەك هونەرمەند یاداشتێك بۆ یەکێتی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بەرزکرابۆوە، لە یاداشتەکەدا یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بە گەندەڵ ناوهێنرابوو، لەو پێوەندییەدا داوای گۆڕینی پرۆگرامی یەکێتی هونەرمەندان کرابوو، بەڵام یەکێتی هونەرمەندان لەرێگەی ئاسایشەوە بارەگاکەیان لە هونەرمەندانی ناڕازی وەرگرتبۆوە. هونەرمەندانی ناڕازی موکڕیوونی خۆیان لەسەر درێژەدان بە ناڕازیبوون رادەگەیەنن‌و دەخوازن کە ئەنجوومەنی وەزیران‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاوڕ لە داخوازیەکانیان بدەنەوەو مافەکانیان بۆ بگێڕنەوە

ئامۆژای سەدام لە سوید رادەکات

حسێن ئەلحەسەن کەپێشتر ژەنەراڵ بووە لەسوپای ئەنفال و ئامۆژای سەدام حسێن سەرۆکی پێشووی عیراقە، ساڵی 2004 بەمەبەستی وەرگرتنی مافی پەنابەری رووی لە وڵاتی سوید کردبوو، ئەوکاتە کوردەکانی سوید ناڕەزابیان لەسەر هاتنی پێشاندا. لە کۆتایی مانگی رابردوو کاتێك پۆلیس دەچنە ماڵەکەی تا هەواڵی دەرچوون لە سویدی پێبدەن، بۆیان دەردەکەوێ کە ماوەیەك لەمەوبەر هەڵاتووەو سویدی بەجێهێشتووە.

وەزیری دارایی رەخنە لەدەستووری هەرێم دەگرێ

سەرکیس ئاغاجان وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێشتر لە ئیدارەی هەولێر جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێسپێردرابوو لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی عەنکاوە کۆم دا رەخنەی لەدەستووری هەرێمی کوردستان گرتووەو گوتویەتی: پرۆژەی دەستووری کوردستان لە پێوەندی بەمافە نەتەوەییەکانمان کەمووکورتی زۆری تێدایە، مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلەکەمان لەناوچە مێژووییەکانی لەدەشتی نەینەوا دەستەبەر نەکراوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرکیس ئاغاجان نیگەرانی خۆی لە هاوێرکردنی کلدانیو ئاشووری پێشاندەداوەو رەخنەی لەدەستووری هەرێم گرتووە کە بۆچی ئەوانی وەکو دوو نەتەوەیجیاواز ناساندووە.

لە لایەکی ترەوە ناوبراو رایگەیاندووە کە لەهەفتەی رابردوودا گفتوگۆو دایەلۆگی سەبارەت بەو مەسەلەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندداراەکان کردووەو گوتویەتی: من لەو باوەڕەدام کە گەلەکەمان بە یەکگرتوویی‌و بە هۆشیاری خۆی دەتوانێ مافەمکانی خۆی بەدەست بێنێو لە پرۆژەی دەستووری پێشسنیارکراودا جێگیریان بکات، چونکە ئەو پرۆژەیە گفتوگۆی لەسەر دەکرێو گەلی کلدانی ئاشووری سریانی مافی رەوای خۆیەتی پێش بڕیاردان وتوێژی لەسەر بکا.

وەزیری کاروباری شەهیدان و رۆژنامەنووسان یەکتر تۆمەتبار دەکەن

دوای ئەوەی هەندێ رۆژنامەنووس بڵاویانکردەوە کەو بەرێز چنار سەعد عەبدوڵڵا، وەزیری کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکاروەکان، شەهیدانی هەڵەبجەی بە شەهیدی سوتفە ناو بردووە، رووبەرووی رەخنەی زۆر بۆوە، بەڵام بەرێز چنار سەعد لە دیمانەی تەلەفیزۆنی زاگرۆسدا نکۆڵی لەو قسانە کردو رۆژنامەنووسەکانی بەدرۆخستەوە گوتی: من لەسەرەتادا بۆیە بێدەنگیم هەڵبژارد چونکە وەك دەڵێن وەڵامی ئەحمەقان بێدەنگییە. بەرێزیان رایانگەیاند ئەگەر رۆژنامەنووسان داوای لێبووردن نەکەن ئەوا ناچار دەبێ سکاڵا لەدژیاندا تۆمار بکاتو راپێچی دادگەیان بکا، وەزیری کاروباری شەهیدان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە شەهیدانی هەڵەبجە شەهیدانی راستەقینەنو منیش وەك کچی شەهیدێك هەرگیز رێگە بەخۆم نادەم کە شەهیدانی گەلەکەم بە شەهیدانی سوتفە ناوبنێم. لەلایەکی ترەوە هەندێ رۆژنامەنووس دووپات لەسەر قسەکانی خۆیان دەکەنەوەو دەڵێن ئێمە ئامادەین لەبەردەم دادگە بە بەڵگەی کاسێتی ڤیدیۆیی راستی قسەکانمان بسەلمێنین.

شیاوی باسە چنار سەعد عەبدوڵڵا کچی شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵڵایە کە لەکارەساتی یەکی شوبات شەهید بووە، لەوەتەی پۆستی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکاروەکانی پێسپێردراوە زۆر چالاکانە ئەرکەکانی بەڕێوەبردووەو تاکە وەزیرێکیشە بە مەبەستی گوێ گرتن لە داخوازی بنەماڵەی شەهیدان سەردانی شارو شارۆچکەکانی کردووە، بەمەش جێگەی خۆی لە نێو بنەماڵەی ئەنفالکراوەکاندا کردۆتەوەو بە خەمخۆری خۆیانی دەزانن.

هەواڵی سەیر

* لەدوای تەقینەوە خۆکوژیەکەی نێوان لقو مەڵبەند لەناو شاری کەرکوك کۆمەڵێ تیرۆرست دەستگیرکراون لە سەرچاوەیەکی تورکمانییەوە هەواڵێ دزەی کردووە کەبەرەی تورکمانی بەنیازن لەم لاو ئەولا هەندێ خەڵکی عەرەب و کوردیش بڕفێنن و بیان کوژن‌و دوایی تەرمەکانیان فڕێ بدەن بە مەبەستی ئەوەی شەڕی تایفی بخەنە کەرکوکەوە، گوایە عەرەبەکان کورد گرتوویانیەتی و کوشتوویانن، هەرچی کوردەکانیشە عەرەب کوشتوونی. لەم سەروبەندەدا لەلای شاخەکانی (جەبەل بۆر) چوار تەرم دۆزراونەتەوە و هەر ئەو شوبهەیە یان لێ دەکرێ.

* گەندەڵی لەناو دائیرەکانی کەرکوك گەیشتۆتە ئاستێك کە هاوڵاتی بە تەلەفۆن پارێزگار ئاگادار دەکەنەوە لێی، پارێزگاریش خوا هەڵناگرێ فەرمانبەرێك تۆزێ پشتی هەبێ حیسابی بۆ ناکات، لەم ماوەیەدا لیژنەیەکی پێك هێناوە بۆ بەدوا داچوونی گەندەڵی، یەکێك لە ئەندامەکانی لیژنەکە لە فەرمانگەیەك نەیوێراوە محاسبەی دزێك بکات، دوایی دەر کەوتووە کە ئەمیش شەریکی ئەو برادەرەیە لە پرۆژەکەیدا، بۆیە ناچار ئیشەکەیان خستۆتە رۆژێکی دیکە.

*رۆژی 2006/9/24 سەرجەم بەڕێوبەری قوتابخانەو خوێندگاکانی ناحیەی شۆڕش‌و نوێنەری پەروەردەی چەمچەماڵ و بەڕێوبەری ناحیەی شۆڕش بۆ قسە کردنو لێکۆڵینەوە هەندێ کێشەی پەروەردەیی کۆبوونەوە. دوای چەندین کاتژمێر کۆبوونەوەکە ناکام دەمێنێتەوە، بەڕێز بەڕێوبەری ناحیە دەڵێ: وەلاهی ئەوە چەندەها نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران هەیە کە داوای جێبەجێکردنی ئەو داوایانەی ئێوە دەکات، بەڵام کەس کاری پێ ناکا. نوێنەری پەروەردەش دەڵێ: بەمەبەستی دواداچوونی بەڵێنەکان سەردانی نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە کەچی پێمان گوترا: کاکە گیان گاڵتەمان لەگەڵتان کردوە جارێ ئەوانە لەمێشکی خۆتان دەرکەن.

* هاوڵاتیەکی ئافرەت کە لەخانوویەکی بچووکدا دەژیێو باوك‌و براو مێردی نی یە، لە قایمقامیەتی چەمچەماڵو شارەوانی داوای ئەوەی کرد کەرێگای پێ بدەن لەبەردەم دەرگای حەوشەکەی (بیرێکی سوری) لێ بدات، ئەوانیش پێیان گوتبوو بڕۆ ئیمزای (5 دراوسێ) بێنە ئێمەش رازی دەبین دوای ئەوەی کە ئیمزاکانی بردبوو کۆمەڵێ گاڵتەشیان پێ کردبوو لەسەر نووسراوەکەی نووسیویانە (قەدەغەیە)، کەچی یەك رۆژ دوای ئەو پیاوێکی دەوڵەمەند کە کوڕێکی لە شارەوانیە، لە کۆڵان بیرێکی لێ داو کەسیش نەیوت بەری چاوت کلی پێوەیە.

* رۆژی 27-9-2006 فەرمانبەرانی پەروەردەی چەمچەماڵ مانگرتنەکەیان شکاند کە بۆ زیادکردنی مووچە دەستیان پێکردبوو، راستییەکەی هەموو فەرمانبەرێك هەقی خۆیەتی داوای مووچەی باش بکات، بەڵام هەندێك لەو فەرمانبەرانە بڕوانامەی ناوەندی یان کەمتریان هەیەو مووچەکەیان بەقەدەر مامۆستایەکی دەرچووی پەیمانگا دەبێ .

رانیە:

هاوسەرگیری فێرگەی ئێواران ئاوەدان دەکاتەوە

دوای ئەوەی دەرکەوتووە کە رێژەیەکی زۆر لە کچانی قۆناغی ناوەندیو دواناوەندی شوویان کردووە، بەڕێوەبەری فێرگەکان بڕیاریان داوە کە ئەو کچانە بۆ فێرگەی ئێواران بگوازرێنەوە.

بەگوێرەی هەواڵ تا ئێستا 50 فێرخواز لە ناوەندیو ئامادەییەکانی شاری رانیە بۆ فێرگەی ئێواران گوازراونەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە هەندێکیان بە تەواوی واز لە خوێندن بهێنن.

بە گوێرەی هەواڵەکان بەڕێوەبەری فێرگەکان لەخۆراوە ئەو بڕیارانە نادەن بەڵکو بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە ئەو رێنوێنیانەی بۆ ناردوونو ئەوانیش جێبەجێی دەکەن، هەرچەندە هیچ بنەمایەکی یاسایی تێدا نیە.

قەسرێ:

سەرپەرشتیارێك خانووی مامۆستایان داگیر دەکات

بەگوێرەی هەواڵ سەرپەرشتیارێکی پەروەردەی چۆمان دوو خانووی مامۆستایانی لە شارۆچکەی قەسرێ بۆخۆی گل دەداتەوە. شیاوی باسە ئەو خانوانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەو مەبەستە دروست کراون تا مامۆستایانی دەرەوەی ناوچەکە تێیدا نیشتەجێبن، بەڵام سەرپەرشتیارێکی پەروەردەی چۆمان بەناوی (ش. ع) کەلو پەلی ناو خانووەکان بۆ قوتابخانە دەگوازێتەوەو خانووەکانیش دەکات بە ماڵی خۆی. ئەو مامۆستایانەی کە لە هەوڵێرەوە رەوانەی قەسرێ کرابوون ناڕەزایی دەردەبڕنو ئاگاداری بەڕێوەرەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر دەکەنەوە ئەگەر خانووەکانیان بۆ نەگەڕێتەوە واز دەهێنن، بەو هۆیەوە وەزارەتی پەروەردە ئەو سەرپەرشتیارە لە ناوچەکە دوور دەخاتەوە.

لە رێگەی سەرهەڵگرتن دەستگیر دەکرێن

ئێوارەی رۆژی 13-9-2006 لەگەڕەکی سەرای شاری رانیە مەفرەزەیەکی ئاسایش گەمارۆی کەسێکی چەکدارو کچێك دەدەن، دەیانەوێ دەستگیریان بکەن، بەڵام چەکدارەکە میلی چەکەکەی هەڵدێنێتەوەو دەیەوێ تەقە لە مەفرەزەکە بکات، ئەوانیش وازی لێدێنن، دواتر بەجووتە سواری ئۆتۆمۆبیلێك دەبنو دەڕۆن. دوای نیو کاتژمێر لەسەر رێگەی رانیە – سەرکەپکان دەستگیر دەکرێنو بەرەو زیندانی ئاسایشی رانیە بەرێ دەکرێن. لە ئاکامی لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ کە ئەو دوو کەسە بەڵێنی خۆشەویستیان بەیەکتر داوەو نیازی سەرهەڵگرتنیان هەبووە. بە بڕیاری دادوەر کچەکە رەوانەی مالی باوکی دەکرێتەوەو بەڵێنی ئەوەشیان لێ وەردەگیرێ کە بەبیانۆی کڕینەوەی شەرەف ئازارو ئەشکەنجەی نەدەن، هەروەها کوڕەکەش لەزیندان رادەگیرێ.